کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-9-2007 14:48

**بەڕێوەبەری بەناو ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە یان؟؟؟!!!! ... هێدی هاوار**

هەروەك ئاشکرایە زۆربەی ئەو مرۆڤە بەناو ڕۆشنبیرانەی کە پۆستی فەرمانگەیەکی ڕۆشنبیری یان دەزگایەکی ڕۆشنبیری وەردەگرن زۆرینەیان ما یە پوچ و هەگبە خاڵین سەدان و هەزارانمان هەنە کە ڤایرۆیی کورسی گرتویانن و ئەستەمە هەستان لەسەر کورسەبۆگەنەکەیان، نمونەشمانەزۆرە، ئەوەتا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە کەوابزانم خاوەنی ئامادەیی پیشە سازیی ڕانیە یە یان نا!! ئێستا پۆستی پیرۆزترین فەرمانگەی حکومی وەرگرتوە ئەویش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە یە کە منداڵانی ناوچەکەو دەووربەر فێری زانست و سەقافەت دەکات بەڵام بەداخەوە جەنابی ئەم بەڕێوەبەرە خۆی پێویستی بەوە هەیە کەپەروەردە بکرێت نەوەکو منداڵانی ئایندەی وڵات فێری ئەم پەروەردە بەعسیزمیانە بکات کە خۆی لەسەری پەروەردە بوە، بەهەرحاڵ من لێرەدا دەمەوی ئەم باسە باسبکەم کەدەسەڵاتدارەکانمان باس لە وەدەکەن ئەوکەسانەی لەو دەزگایانەی منداڵ پەروەردە دەکەن ئەبی خاوەنی توانایەکی لەڕادە بەدەربێت و نەوەکو ئەم منداڵانەی ئەکەونە ژێردەستی توشی نەخۆشی و ڕەشۆکی ببن، بەڵام حەیف خۆکەس کاری پێناکات، کاکە کوتلە بازیش باڵەولاوە بوەستێت نازانم من بۆ ئەوەندە خەفەت دەخۆم بەو کەسە نا واعییانە کەلەسەرکارن، بەڵام خۆم پێڕاناگیری بەخوا ئەگەر زمانیشم ببڕن هەردەنوسم و ناترسم چونکە دڵنیام هەزاران کەس پشتیوانی لەم بیرو بۆچونانەم دەکەن و دەست خۆشیشم لێدەکەن و دڵنیام ئەوانەی وەك و من دڵیان دەسوتی و ڕۆژانە لەداخی ئەم مڵانە خۆیان دەخۆنەوە باش دەزانن کەئەم ماوەیەی کەگۆشتیان بەرداوە کاتی ئەوە دێت کە گۆشت بگرنەوە تاوەك و ئایندەی ئەم وڵاتە بێنازە چیتر کەچە پیاوەکانی ئەم زەمانە نەیکەنە هەڵماتی خۆیان و دەستکەلایان بەدەستەوە هەربمێنێت، بەڵام داخەکەم کەسانێك هەن ئەگەرچی خۆیان بە قسەزان و زمان زانیش دەزانن بەڵام بەرامبەر بەو نا وشیارانە خۆیان زۆر بەبچوك دەزانن و بەقەرز دەترسن و ناتوانن بەرامبەریان بوەستن و قسە لەسەر گەندەڵیەکانیان بکەن، بەڵام من لێرەدا ڕونی دەکەمەوانی و دڵنیاتان دەکەم کەلەمەو دوا هەر لەسەر سایتە جوانەکەی کوردستان نێت تەواوی ئەو گەندەڵیانە بڵاو دەکەمەوە کەڕۆژانە دەیانبینم و داواش لەو هاوڵاتیانە دەکەم کەڕۆژانە هەرکەموو کوڕیەك و گەندەڵیەك دەبینن بابیخەنە بەردەم خوێنەران و گەندەڵەکان ڕیسوا بکەن هەروەك و ئێستا چەندین گەندەڵ و خۆفرۆش ڕیسواکراون، داواش لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەم کەچیتر ئایندەی مندڵانی دەڤەری پشدەرو بیتوێن نەخاتە دەستی ئەم بەڕێوەبەرەی کەلەتەك بەرێوەبەرایەتیەکەی مەرامە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێدەکات و جەناب تان و خەڵکی شارەکە و دەوروبەریشی چەواشە کردوە و بەڕواڵەتیش حساب بۆکەستان ناکات بەڵام لەڕاستیدا نەشەوانە نەڕۆژانە خەوی لێناکەوێت لەترسی ئەوەی کەسەرجەم مۆرەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی کۆپی دووەمی لەماڵەکەی دەست دەکەوێت و لەوە دەترسێت ڕۆژێك لەڕۆژان تەتەرەکەی لێی ئاشکرا کات، ئیتر جەنابی وەزیر داواتان لێدەکەین چاوێکی بێبەزەییانە بەم برادەرە بخشێننەوە کەخۆی لەسەر جەنابتان مەحسوب کردوە پاڵپشت بەئێوە کاردەکات ئەگەرچی ئێوە خاوەنی تەجروبەیەکی زۆرو ئەزمونێکی زۆرتان هەیە بەڵام نازانین ئەم برادەرە بۆ پشتی پێتان قایمە!!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.